کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
27-1-2007 19:03 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نۆزدە ساڵ لەیادی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید بەڵام هێشتا شارێکی وێران وکاولیە ... هەورامان علی تۆفیق

Berzi-san@web. de



شەهید بوونی هەڵەبجەو 19 ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو یادە مەرگەساویە کۆمەڵکوژیەدا کە ئێستا تاوانبارانی بەبەرچاوی کەس و کاری شەهیدانەوە بەبەرچاوی سەرجەم نەتەوەی کوردەو لەشاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە و بۆ هەموو دوونیا ئەو سەری مارانە بەرگری لەخۆیان دەکەن و خۆیان بەتاوانبار نازانن و وەك علی کیمیاوی دەڵێ ئەگەر ئێستا ڕۆژگار بگەڕێتە دواوە لێم بپرسن لەو ڕۆژەدا چی دەکەیتەوە ڕۆز بەراشکاوی بێشەرمانە دەڵێ ئەوەی کردوومە لێی پەشیمان نیم و دووبارەی دەکەمەوە. کەواتە لێرە سیناریۆیی دادگا بۆ چی. . ؟ چەواشەکردن و ڕقەبەرایەتی کەس و کاری شەهیدان بۆچی. . سەدامی تاوانبارتان لەپێناو خواستەکانی خۆتاندا لەسێدارەدا و خواستی نەتەوەیی کوردتان لەژێرپێدانا و ئەوەش هەڵوێستی بکوژان وەشێنەرانی گازی خەردەل و سیانید و زیندەبەچاڵ ئەنفاچیەکان بن و لەلایەکی تر ژیان و گوزەرانی ئەو شارانەی لەم لێشاوانەدا بوونیان نەما و سڕانەوە لەهەڵەبجەوە بگرە تاگەرمیان و بادینان و ئەو گوندانەی کە سوتێنران و کاول کران کەی ئاوەدان دەکرێنەوە. . ؟ کەی ڕەحم و بەزەیی و ویژدان دەورووژێ. . ؟ پێم وایە هەبن بڵێن هەڵەبجە ئاوەدانە گوندەکانی ئاوەدانن و ئەو خەڵکە لەوپەڕی خۆشگوزەرانی دا دەژین. . بەداخەوە کەس خەمی کورد ناخواد تەناتەن بەخۆمان خەمی خۆمان ناخۆیین چونکە گیرفانی خۆمان لەپێش خەڵکەوەیە ئەوەی ڕۆژانە بەبێ مانا بەسەر ئەم و ئەو دا دەکرێتە بەخشیش و لەملیۆنەها تێدەپەڕێت ئەگەر بدرێتە دەستی کوڕەشەهید ئەگەر ماڵێکی پێ دروست بکرایە و جادەو قوتابخانەوە پەیمانگاو شوێنە ڕۆشنبیری و وەرزشی و ئاوەدانکردنەوە دا سەرف بکرایە ئەوە نۆزدەساڵە ئێستا هەڵەبجەو شارەکانی ترمان ئاوەدان کردبوونەوە ئێستا هەرنەبوایە کەمێك سەبووری کەس و کاری ئەو شەهیدانە دەهاتەوە و هەستیان دەکرد لەجێگای کەسە شەهیدەکانیان کەسی تریان بۆ پەیدابووە بەڵام بەپێچەوانەوە نەك کەسیان بۆ پەیدا نەبووە بەڵکو دوژمنیان بۆ پەیدابووە، هەموو لایەك دژ بەئاوەدانکردنەوەو قەرەبووکردنەون ئەگەر وانیە بۆ تائێستا هیچ دیار نیە بۆ کەسێك پێشنیاری نەکرد یەك دوو ساڵێك لەمەو پێش لەجسری ئەئمە و بەکارێکی سەیر هەزار کەسێکی شیعە کەوتنە خوارەوە مردن چۆن بۆیان کرایە هەراو و چۆن قەرەبووی کەس و کارەکانیان درایەوە هەموو دام و دەزگاکانی عێراقی و تەنانەت دەوڵەتانی تریش کەوتنە کۆمەکی کرد بەڵام لەبەر ئەوەی کورد بێکەسەو کەس لێ ناپرسێتەوە و لەس بیری لێناکاتەوەبەو شێوەین کە تا ئێستا دەمان بینن. . تائێستاش ڕوون نیە بۆ ئاوەدانی لەو شوێنانەدا لاوازە بۆ کاری جدی ناکرێت بۆ بڕیارەکان و ڕاسپاردەکان لەمەیدانی کاردا بکارناخرێن. . . . . . . . . . ؟ ئەم هەموو بۆیانە وەڵامیان دەوێ بەڵام کێ وەڵام باتەوە. . . ؟ گرفت لەوەدایە هەموو ساڵێك کە نزیك ڕۆژی 16ی سێ دەبینەوە بیریان دەکەوێتەوە شارێك هەیە ناوی هەڵەبجەیەو دەبێ چەپکێ گوڵ بگرین بەدەستمانەوەئەگەر ئەو چەپکە گوڵەش بەدەستەوە بگرین و بەچاوی فرمێسکاویەوە لەتەك چەند کیژۆڵە قژزەردو جوانێکی بیانیدا ڕوو لەو شارەبکەین بەڵام خۆمان لەقەرەی ناوشارو خەڵکەکەی نەدەین بەڵکو لەقەراخ شارەوە و بەخێرای



ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.

سڵاوێك بکەین و خێرا بۆیی دەرچین. . ئەمە سیناریۆیی ئەم شارە داماوەیە ئەمە هەموو پاداشت و چاکەی ئەم خەڵکەیە، جا نازاین ئەم ساڵ چی دەبێت و چۆن ئەو مەراسیمە بەڕێوەدەبەن.

هەڵەبجە لە نۆزدەیەمین یادی دا کە دەبووملوانکی مرواری بکرایەتە ملی شنرویَ و سورێن و نەوەرو شرام و گوڵان و باوەکۆچەك و کانی شێخ، یان لەپاشا و پیرمحەمەد و تەکیەو گوڵان و موردین و کانی قوڵکەو سەرا و قەسابخانەو مامۆستایان و جولەکان و تووەوشك و شەهیدان و کانی عاشقانیان لەبیر نەکردایە. کەمێك شەرمی گۆران و نالی و مەولەوی و ئەحمەد موختار جاف و عادلە خانم و تایەربەگ بیرگرتنایە. بەڵام بێسوود چی بڵێین و چی بکەین و چ هەڵوێستێك هەبێت دەرەنجام گێرەشێوێن و لادەری. .

هێندەی باس لەم مەسەلەبکرێت و نارەزایی دەربڕێت بەڵام سوودیان نیە، ئەویش زۆر هۆکاریان هەیە لەگەڵ ئەوەی کە هۆکارەکان چەند دەرەکی بن ئەوەندش ناوەکین و پەیوەندیان بەخۆمانەو هەیە بۆیە گرنگە هەمیشە بیَ وەستان و بەبیَ ماندوبوون لەسەر داواکاریەکان سووربین و ئەو یاداشت نامەی کە لەلایەن ناوەندی چاکەوە بڵاو کراوەتەوە پێویستی بەوە هەیە پشت گیری بکرێت و ئەو داوایانەش کە دەبیَ حکومەتی عێراقی بەفەرمی داوای لێبوردن بکات و بەجدی و بیَ خۆدزینەوە قەرەبووی کەس و کاری کیمیاباران و ئەنفال کراوەکان بداتەوە و خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانیان دابین بکرێن و ژیانیان لەخراپەوە بەرەو باشتر بەرن ئەوەش بەهیمەتی سەرجەم دڵسۆزان و کوردپەروەران و دەسەڵاتی ئێستایی کوردی تا ئەوەی لەمەوپێش نەکراوە ئێستا بەئەنجامی بدەین و کەمێك لابەلای ئەو خەڵکەدابکەینەوە.



ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.